ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

*Corresponding author
**Dr. Hiwa Ghafar Ali**
Directorate of Training and Qualification in Garmian
hiwaxafar1@gmail.com
**millimeter. This is Fayeq Darwish**
Department of Kindergarten, Faculty of Basic Education, Garmian University
halmat.mahmood@garmian.edu.krd

**Keywords**: Academic tasks, high school, Academic procrastination

A R T I C L E I N F O

Article history:
Received 24Dec 2024
Accepted 26Dec2024
Available online 1 Jan 2025

cc BY

# Reasons for academic procrastination from the point of view of middle school students in Kalar city center

A B S T R A C T

Procrastination remains a pervasive challenge among high school students, adversely impacting both academic performance and mental well-being. This study aims to elucidate the underlying factors contributing to procrastination in academic tasks, such as homework and exam preparation, from the perspective of the students themselves. Moreover, the research endeavors to propose viable solutions to mitigate this issue. The population of the study is Kalar high school students. The sample of the study compromise of the 150 high school students from grade 10th and 11th. Employing a descriptive analysis approach, the study developed a Likert-scale questionnaire to gather data. Statistical methodologies, including mean calculation, percentage weighting, and one-way ANOVA, were employed to analyze the collected data. The findings underscore the significant role played by factors such as the perceived burden of homework, deficient time management skills, and the absence of grading for assignments in fostering procrastination. Additionally, delaying homework negatively affected the scientific achievement of 78% of participants to varying degrees. This study holds critical implications by pinpointing key reasons behind academic procrastination, thereby empowering educators to devise targeted interventions. Furthermore, it contributes to the scholarly discourse by furnishing empirical evidence on procrastination among high school students in Kalar, thereby bridging existing research gaps.

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4090

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**أسباب التسويف الاكاديمي من وجهة نظر طلبة المرحلة الاعدادية في مركز مدينة كلار**

د.هيوا غفار علي/ مديرية التدريب والتأهيل في كرميان
م.م. هەڵمەت فائق درويش/ قسم رياض الاطفال، كلية التربية الاساسية، جامعة كرميان،

**الملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى التعرف على العوامل الأساسية التي تساهم في التسويف في المهام الأكاديمية من وجهة نظر طلاب المرحلة الاعدادية في مركز كلار. كما تسعى إلى تحديد الأسباب الرئيسية لتأجيل الواجبات المدرسية ، من وجهة نظر الطلاب أنفسهم. علاوة على ذلك، يسعى البحث إلى اقتراح حلول قابلة للتطبيق للتخفيف من هذه المشكلة. يتكون مجتمع الدراسة من طلاب مدارس الاعدادية في قضاء كلار . تتكون عينة الدراسة من 150 طالبًا في المرحلة الاعدادية من الصف العاشر والحادي عشر. باستخدام نهج التحليل الوصفي، طورت الدراسة استبيانًا بمقياس ليكرت لجمع البيانات. تم استخدام مناهج إحصائية، بما في ذلك حساب المتوسط، ووزن النسبة المئوية، وتحليل التباين أحادي الاتجاه، لتحليل البيانات التي تم جمعها .

تؤكد النتائج على الدور المهم الذي تلعبه عوامل مثل العبء المتصور للواجبات المنزلية، ومهارات إدارة الوقت الضعيفة، وغياب الدرجات للمهام في تعزيز التسويف. بالإضافة إلى ذلك، فإن تأخير الواجبات المنزلية أثر سلبًا على التحصيل العلمي لـ 78٪ من المشاركين بدرجات متفاوتة. تحمل هذه الدراسة آثارًا بالغة الأهمية من خلال تحديد الأسباب الرئيسية وراء التسويف الأكاديمي، وبالتالي تمكين المعلمين من ابتكار تدخلات مستهدفة. علاوة على ذلك، تساهم في الخطاب العلمي من خلال تقديم أدلة تجريبية حول التسويف بين طلاب المدارس الاعدادية في قضاء كلار، وبالتالي سد فجوات البحث الحالية.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**الكلمات المفتاحية**: المهام الأكاديمية، المدرسة الاعدادية، التسويف الأكاديمي

**هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن لە دیدی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییەوە لەناوەندی شاری کەلار**

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن لە دیدی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییەوە لەناوەندی شاری کەلار، هۆکارەکانی بنەڕەتیەکانی و دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن ( ئەرکی ماڵەوە، خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە... هتد) لە دیدی خودی خوێندکارانەوە. هەروەها پێشنیارکردنی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم

گرفته. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەخوێندکارانی ئامادەیی ناوەندی شاری کەلار، نموونەی توێژینەوەکەمان (١٥٠) خوێندکاری قۆناغی ١٠،١١، ی ئامادەییە.

ئەم توێژینەوە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنا، بۆئەم مەبەستەش ئامرازی ڕاپرسی لەسەر پێوەری لایکەرت دروستکرد بۆ کۆرکردنەوەی زانیاریەکان. هەروەها ئامرازە ئامارییەکانی وەک (ناوەندی شیاوو کێشی سەدی وڕێژەی سەدی و وەن وەی ئەنۆڤا) بەکارهێنرا بۆ شیکاری زانیاری وداتا وەرگیراوەکان. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە گرانی و زۆری ئەرکەکانی خوێندن، خراپ بەڕێوەبردنی کات، هەروەها تەرخان نەکردنی نمرە بۆ ئەرکەکانی ماڵەوە لە گرنگترین هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکانن. هەروەها دواخستنی ئەرکەکانی ماڵەوە کاریگەری نەرێنی کردوەتەوە سەر دەسکەوتی زانستی ٧٨% ی بەشداربووان بە ئاستی جیاواز.ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک گرنگی هەیە، لەوانە پێشاندان و دەستنیشانکردنی گرنگترین هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن، بەوجۆرەش مامۆستایان و پەروەردەکاران دەتوانن ڕێگەی چارە و دەستێوەردانی گونجاو بکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم گرفتە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم توێژینەوەیە بۆشاییەکی گرنگ لە بواری توێژینەوەی زانستی پڕدەکاتەوە بە پێشکەشکردنی بەڵگەی زانستی بۆ هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن لەنێو خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری کەلاردا.

**وشە بنچینەییەکان:** دواخستنی ئەرکە زانستیەکان ، قۆناغی ئامادەیی، ئەرکەکانی خوێندن.

**پێشەکی:**

دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن یەکێکە لە گرفتە باوەکانی نێو خوێندکارانی ئامادەییە، کە کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی و تەندروستی دەرونی خوێدنکاران هەیە. لەگەڵ هەوڵی پەروەردەکاران و توێژەران بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، هێشتا زۆرێک لەوڵاتانی جیهان توێژینەوەی زانستی بە قەبارەی ئەم ئاڵەنگارییە گەورەیە نەکراوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

دواخستنی ئەرکەکانی خوێدندن بریتیە لە خویەک بۆ ئەنجام نەدانی ئەرکەکانی خوێندن وەکوو ئەرکی ماڵەوە، خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە، دواخستنی پرۆژەکانی پۆلی وەکوو سیمینار و راپۆرت( ستیل، ٢٠٠٧). ئەم دیاردەیە زۆر باوە لە نێو خوێندکاراندا بە تایبەتی لەقۆناغی ئامادەیی و زانکۆ. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان پشتراستی بەربڵاوی ئەم دیاردەیە دەکەنەوە. بۆ نموونە، کلاسن و هاوکارانی، ٢٠٠٩؛ ستیل، ٢٠٠٧). بەپێی دۆزینەوەکانی (کلاسن و هاوکارانی، ٢٠٠٩)، تا 70%ی خوێندکارانی ئامادەیی باس لەوە دەکەن کە بەشدارییان لە ڕەفتارەکانی

دواخستن کردووە، وەک دواخستنی خوێندن بۆ تاقیکردنەوەکان یان تەواوکردنی ئەرکەکان تا کۆتا خولەک. ئەم دواخستنە نەک هەر دەبێتە هۆی کەم دەستکەوتی ئەکادیمی بەڵکو بەشدارە لە زیادبوونی ئاستی فشار و کەمبوونەوەی هەستکردن بە ئاسودەیی لەنێو خوێندکاراندا (سفارتدال و هاوکارەکانی، ٢٠٢٠).

ئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بە چەند هۆکارێکی بنەڕەتی دەکەن کە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی دواخستنی ئەکادیمی. هەروەها ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر دواخستنی ئەکادیمی هەیە ئاڵۆز و فرەلایەنەن، ڕەهەندە تاکەکەسی و بارودۆخی و ژینگەییەکان لەخۆدەگرن (تایس و باومیستەر، ١٩٩٩).

ترس لە شکست وەکوو یەکێک لەهۆکارە دیارەکان تەماشادەکرێت، چونکە زۆرجار خوێندکاران ئەرکەکان دوادەخەن بۆ ئەوەی خۆیان لە هەڵسەنگاندن یان دەرەنجامە نەرێنییەکانی بپارێزن (ستیل، ٢٠٠٧). هەروەها، کەمی کارامەیی خۆڕێکخستن، لەوانەش خراپی بەڕێوەبردنی کات و تواناکانی دانانی ئامانج، بەشدارییەکی بەرچاو دەکات لە مەیلی دواخستن ( ڕۆزێنتال و هاوکارانی، ٢٠١٤) .

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکە ئەکادیمیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئالوودەبوون و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا و سوشیال میدیا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییەوە.سەرەڕای ئەوەی کاتطکت زۆری خوێندکاران دەبات هاوکات توشی هەڵچون و ڕەفتاری توند دەکاتەوە (المياحي و الركابي ، 2019، 225).و توێژینەوەکانی (جانکۆ و کۆتێن، ٢٠١٢؛ کۆزێنکۆف و تیتسۆرس، ٢٠١٣) بە روونی کاریگەریە نەرێنیەکانی بەکارهێنان و سەرقاڵبوونی خوێندکاران بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیاو سوشیال میدیا لەسەر دەسکەوتی ئەکادیمی پشتڕاستکردەوەتەوە.

سەرەڕای ئەم هۆکارانەش، ڕایان و دیسی (٢٠٠٠) پێیان وایە کە پاڵنەرە ناوەکی و دەرەکیەکانی خوێندکاران کاریگەری هەیە لەسەر دواخستنی ئەرکە ئەکادیمیەکان، چونکە لەکاتی نەبوونی پاڵنەری پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک، ئەگەری دواخستن یاخود ئەنجامدانی زیادتر دەبێت.

یەکێکیتر لە هۆکارە کاریگەرەکانی دواخستنی ئەکادیمی ژینگەی فێربوونی خوێندکارە. ئەو ژینگەیەی کە خوێندکاران تێیدا دەخوێنن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لەسەر مەیلی دواخستنیان. بۆ نمونە هەبوونی ژینگەیەکی کێبرکێکار و دروستکردنی فشارێکی بەردەستبوونی شتە سەرقاڵکەرەکان، وەک

سۆشیال میدیا و کات بەسەربردن، دەتوانێت زیاتر ڕێگری لە توانای خوێندکاران بکات بۆ تەرکیزکردن و یەکەمایەتیدان بە بەرپرسیارێتییە ئەکادیمییەکان.

لە کاتێکدا کە توێژینەوەکانی سەردەم تێڕوانینێکی بەنرخی لەبارەی سروشت و دەرئەنجامەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندنەوە پێشکەش کردووە، بەڵام بۆشاییەکی بەرچاو لە تێگەیشتن لەو هۆکارە تایبەتانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن هەیە لە نێو خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییدا. بە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە زانستییە، ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات چارەسەر و ڕێگە چارەی گونجاو پێشنیار بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە. هەروەها توێژینەوەکە هەوڵدەدات پێشنیاری ڕێگەچارەی کردارەکی بۆ پەروەردەکاران پێشکەش بکات بەمەبەستی ئەنجامدانی دەستێوەردانی خێر بۆ کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکانی داوخستنی ئەرکەکانی خوێندن لە نێو خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییدا.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە لە گرنگی خودی خوێندکارانی قۆناغی ئامادایییەوە هاتوە، هەروەها لەو بایەخی ئەو ئاماژە پەروەردەیانەکانی تایبەتن بەم گرووپە لە خوێندکاران، لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانی گرنگیەکەی لەن خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

- ئەم توێژینەوەیە سودی دەبێت بۆ مامۆستایان بەگشتی و مامۆستایانی قۆناغی ئامادەی لەوەی کە چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیدا لا کاتی پێدانی ئەرکەکانیادا.
- سودێکی دیکەی بۆ ئەو کەس و پسپۆڕانەیە کە لەبواری پەروەردەدا کاردەکەن، توێژینەوەکە هاوکاریان دەکات ئەرک و چالاکیەکانی خوێندکاران لە پرۆگرامەکاندا دابنێن.
- بەسودە بۆ کتێبخانەی کوردی و دەوڵەمەندی دەکات.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

•زانینی هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن لە دیدی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییەوە لەناوەندی شاری کەلار

•زانینی جیاوازی ئاماری هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

**ناساندنی چەمکەکان:**

1-**دواخستنی ئەرکە زانستیەکان (ئەکادیمیەکان):** بریتیە لە دواخستنی ئەرکەکانی خوێندنن بەشێوەیەکی خۆویستانە لەکاتێکدا لەلایەن خوێندکارانەوە لەکاتێکدا کە دەزانن ئەم دواخستنە کاریگەری نەرێنی بەدواوەیە. ئەم گرفتە زۆرجار بەهۆی خواستی دوورکەوتنەوەبێت لە ناڕەحەتی

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

یان فشاری پەیوەست بە ئەرکەکەوە، ئەمەش وایکردووە تاکەکان لەبری ئەوەی سەرنجیان لەسەر بەرپرسیارێتییە ئەکادیمییەکانیان بێت، بەشداری چالاکییە سەرقاڵکەرەکان دەبن. (ستیل، ٢٠٠٧).

2-دواخستنی کۆمەڵێک چالاکییە زانستییە، ئەو بوارەیە کە هەل بۆ خوێندکاردەڕەخسێنێ، تا بە کردار ئارەزووە و حەزەکانیان بەرچەستەبکەن، چەمکی بیرکردنەوەی زانیارییان لا قووڵتربێت.. بواری ئەوەشیان بۆ دەرەخسێنن، کە لە رێی بەرنامە تیۆرییەکان و پراکتیکییەکانەوە توانا و بەهرەکانیان دەربخەن.. گرنگترین بوارەکانیشیان:

(چالاکیی کۆمپیوتەر، تاقیکردنەوەی زانستی ، گەشتی زانستی، پێشاندانی ژیاننامەی زانایان، یان بابەتی زانستی،...هتد) لەکاتێکدا خوێندکار درەنگ ئەنجامی دەدات ودوای دەخات. (صابر، 2023، ل2).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەران:** دواخستنی کۆمەڵێک چالاکییە کە خوێندکار لە چوارچێوەی مەنهەجی زانستە ئەزموونییەکان کە لە پەروەردەدا دیاری کراوە، کە پێویستەپراکتیزەی بکات،بەڵام بەهۆی زۆری ئەرکی خوێندن وکەمی کات وگرانی بابەتەکە خوێندکاردوای دەخات.

**1-ئەرکەکانی ماڵەوە:** بریتیە لە بەکارهێنانی ئەوەی کە خوێندکار لە پۆلدا دەیخوێنێت و پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریانەیە کە لە قوتابخانەدا بەدەستی دەهێنێت، ئەرکی ماڵەوە یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی بواری پەروەردە، بەو پێیەی یەکێکە لە بابەتەکان کە زۆرترین مشتومڕی لەسەرە ، لەڕووی کەم بێت یان زۆر، سەختی و ئاسانی. ئەوان وەک بارگرانی لەسەر خوێندکارەکانی دەزانن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی تواناکان و ئاستی دەروونی و قۆناغەکانی گەشەکردنیان بکەن، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر قبوڵکردنی خوێندکارەکان هەبووە، کە ئەمەش لە بەرامبەردا ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ئارەزوو و مەیلەکانیان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن و سەرکردایەتیکردن بۆ ئەوان وواز هێنان لە خوێندن زۆربەی مامۆستایان پێیان وایە کە ئەرکەکانی ماڵەوە کاردەکات بۆ باشترکردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران، ئەمە ڕاستە و پشتڕاست دەکرێتەوە ئەگەر ئەرکەکانی ماڵەوە بە باشی پلانیان بۆ دابنرێت، ئامانجی ڕوونیان هەبێت و پەیوەست بن بە پێداویستییەکانی خوێندکاران و تواناکانیان وحەزوئارەزووەکانیان، نەک وەک سزایەک بە خوێندکارەکە بدرێت. (عبدالرحمن، ٢٠١١، ل ٢).

**2-ئەرکی ماڵەوە:** هەر ئەرکێک یان چالاکیەک کە مامۆستاکان بۆ فێرخوازەکانیان دیاری دەکەن بۆ ئەنجامدانی، بەجۆرێک کە لە کاتی خوێندنی نافەرمیدا لە ماڵەوە بە ئەنجام بگەیەنن، و پەیوەندی بەو

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بابەتـانەوە هەبێـت کە لە بـابەت یـان خـوولی قوتابخـانەدا پێیـان دەوترێـت، و کۆمەڵێـک ئەرک لە خۆدەگرێت. (شحاته، النجار، ٢٠٠٣،ص٢١٤).

**پێناسـەی ڕێکـاری تـوێژەران:** هەمـوو ئەو کـارانەیی کە خوێنـدکار بـۆیی دیـاریکراوە لە دەرەوەی پۆل، وەک ئامادەکردن، پێداچوونەوە، یان چارەسەرکردنی ڕاهێنانەکان، و ئەوانـی تر کە گونجاون لەگەڵ قۆنـاغی پەروەردەیـی و سروشـتی مـاددەکە، یـان کـورتکردنەوەی بەشـێک لە کتێبێـک کە مامۆستا بۆی دیاری دەکات.

**1- قۆناغی ئامادەیی** : بە کۆتایی خوێندنی بنەڕەتی دادەنرێت گروپی خوێندکارانی تەمەن١٢-١٤ ساڵان دەگرێتەوە، ماوەی خوێندنیش سێ ساڵە. بۆ بەشداریکردن لەم قۆناغەدا سەرکەوتن لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی پێویستە.خوێندکاران لە قۆناغی ئامادەیی لەڕێگەی ڕاهێنانی ڕۆژانەو، چالاکییە پلان بۆ دارێژراوەکان و، پرۆژەی تاکەکەسی و گروپی، هەروەها تاقیکردنەوەی ناوەڕاستی وەرز و تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز هەڵدەسەنگێندرێن (عبد الرزاق، ٢٠٠٣، ل ١١).

**2- قۆنـــاغی ئامـــادەیی :** قۆنـاغێکی زانسـتی و پەروەردەیـیە کە خوێنـدکار دوای دەرچـوون لە تـاقیکردنەوە وزارییەکـان لە قوتابخـانە ناوەندییەکان وەرئەگرێت ئەرکـی ئەم دامەزراوانە ئەوەیە کە خوێنـدکاران بتـوانن ئاسـتێکی بەرزتـر لە زانسـت و لێهـاتوویی بەدەسـت بهێـنن لە هەمـان کاتـدا هەمەچەشنکردنی هەنـدێک بـوارە فیکری و کردارییەکـان و شایستەکردنی بۆ چوونە نـاو زانکۆ. (وزارة التربية، ١٩٨١، ص ٤٠).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**پێناسـەی ڕێکـاری تـوێژەران:** قۆنـاغێکی خوێندنە لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردە کە لە دوای قۆنـاغی بنەڕەتـی دێـت و مـاوەکەی سـێ سـاڵە،کە هەردوو لقـی زانسـتی و وێژەیـی دەگـرێتەوە ، گواستنەوەیە بۆ خوێندنی زانکۆ.

**لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:**

ئەرکەکـانی مـاڵەوە پێکهـاتەیەکی بنەڕەتـی پرۆسـەی پەروەردە و فێرکـردنە لە قۆنـاغی ئامادەییـدا. مامۆسـتایان بەگشـتی بـایەخی زۆر بەم ئەرکـانە دەدەن بە ئامـانجی مانـادارکردن و زیادکردن پرۆسەی فێربوون بە جۆرێک خوێدنکاران برەو بە تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و فێربـوونی سـەربەخۆی بـدەن. بەڵام زۆر جـار خوێنـدکاران بە هۆکـاری جیـاواز ئەنجامـدانی ئەم ئەرکانە دوادەخەن. ئەرکەکانی ماڵەوە بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک چالاکیی لەخۆدەگرێت، لەوانە ڕاهێنانی و خۆئامادەکردن بۆ چالاکیەکانی پۆل ، خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە، نوسینی ڕاپۆرت، یاخود ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سیمینار. ئەم ئەرکانە بە پێویستە بە وردی دابڕێژرێن بە مەبەستی

اڵپشتیکردن و تەواوکردنی پرۆسەی فێرکردنی ناو پۆل و هەروەها قووڵکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندکار. بەپێی توێژینەوەیەکی (هاگەر و هاوکارانی،٢٠١٠)، ئەرکە ئەکادیمییەکان پێویستە لەگەڵ ئامانجە فێرکاریەکانی ناو پۆل هاوتەریبن و ماناداربێت، هەروەها بەجۆرێک دابرێژرێت کە پرۆسەی فێربوونی خوێدنکار زیادتر و کاریگەرتر بکات. لەکاتی هەبوونی کەموو کورتی و ناڕێکی لە پێدانی ئەرکەکانی خوێندن، مەیلی دواخستن لەلای خوێندکاران زیاد دەکات.

**ئامانجەکانی ئەرکی ماڵەوە. :**

١ .دروستکردنی متمانە بەخۆبوون لەناو خوێندکاردا بە ناساندنی سەرچاوەی

دەرەکی پێی.

٢ .درککردن بە گرنگی ئەرکی ماڵەوە لە باشترکردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندکار.

پەرەپێدان و چالاککردنی شێوازی فێربوون و خۆفێرکردنی خوێندکار.

٣ .پەرەپێدانی کارامەیی پێویست پەیوەست بە سروشتی بابەتەکانی ئەکادیمی.

٤ -جێگیرکردن و بەهێزکردنی ئەو چەمکە بنەڕەتیانەی کە لە بابەتی خوێندن هاتووە لەڕێگەی ئەو ڕاهێنان و بەکارهێنانانەی کە فێرخواز لە ماڵەوە ئەنجامی دەدات، جگە لەوەی کە لە ناوەوەی پۆل جێبەجێی کردووە.(الشمیل، ٢٠٠٣، ل ٢٤)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**جۆرەکانی ئەرکی ماڵەوە-:**

پەروەردەکاران کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە ئەرکی ماڵەوە چوار جۆرن:

1- ڕاهێنان یان ئامادەکاری پێشوەختە بۆ بابەتێکی دیاریکراو کە وانە نوێیەکەیە.

2- ئەو ئەرکانەی کە بەندە بە درێژکراوەی بابەتێکی پێشوو، واتە ئەو ڕاهێنانانەی کە پێویستە دوای ڕوونکردنەوەی وانەکە چارەسەر بکرێن.

3- ئەو ئەرکانەی کە پێکهاتبوون لە ڕاهێنانەکان کە یارمەتی خوێندکاران دەدەن شارەزابن لە هەندێک کارامەیی، کەمامۆستا داوایان لێدەکات توێژینەوەی پەیوەست بەو بابەتە ئامادە بکەن کە دەیخاتە ڕوو.

4- ئەرکی داهێنەرانە کە پێویستی بە تێکەڵکردنی کۆمەڵێک چەمک و لێهاتوویی هەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسیارێکی دیاری کراو مجلة الرائد ( ٢٠١٤ ، ص ٢).

لە کاتێکدا پەروەردەکاران جۆرەکانی ئەرکی ماڵەوە بەپێی مەبەستەکەی پۆلێن دەکەن بۆ

1.ئەرکەکانی بەکارهێنان و مەشقکردن: ئەمانە ئەو ئەرکانەن کە پاڵپشتی فێربوونی کارامەیی نوێ دەکەن. بۆ نموونە لە کاتی فێربوونی ڕێگەی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بیرکاری، دەبێت

کێشەی زیادە بدرێت بە خوێندکار بۆ ئەوەی زیاتر ڕاهێنان بکات لە چارەسەرکردن بە بەکارهێنانی ڕێگا نوێیەکان.

**2.ئەرکەکانی ئامادەکاری:**

ئەمانە ئەو ئەرکانەن کە تیایدا داوا لە خوێندکار دەکرێت بەدوای زانیاریدا بگەڕێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کە لە پۆلدا باسی لێوە دەکرێت. ئەم ئەرکانە وا لە خوێندکار زیاتر ئامادە دەکات بۆ چالاکییەکانی پۆل و زیندووتر و کارلێککارانەتر، ئەمەش هەستی دەستپێشخەری و متمانە بەخۆبوون و بەرپرسیارێتی بەرز دەکاتەوە.

**3. ئەرکەکانی فراوانکردن:**

ئەو چالاکییانەی کە بەردەوامی و فراوانکردنی فێربوون بەدەستدەهێنن لە دەرەوەی بازنەی ناوەڕۆکی کتێبی خوێندن و چالاکییەکانی پۆل. ئەمەش بە بنیاتنانی ئەو زانیاریانەی لە پۆلدا بەدەستیان هێناوە، وەک ئەنجامدانی پرۆژەی توێژینەوە و فێربوون ئەنجام دەدرێت.(شاذلي، 2001، ص26).

**شێوەی ئەرکەکانی ماڵەوە:**

مجلة لاراك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دیارە جۆرو شێوەی ئەرکەکانی ماڵەوەجیاوازن، کەمامۆستا پێویستە بەرچاو ڕونی لەسەریان هەبێت، کە لێرەدا بەکورتی دەیانخەینەڕوو:

**1- ئەرکەکانی لەبەرکردن:**

ئەوئەرکانە دەگرێتەوە کە پشت بە لەبەر کردن دەبەستن،وەک تیۆرو پێناسەوهۆنراوە و ئامادەکردن و لەبەر کردنی ئەرکی رۆژانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. کە مامۆستا وەک ئەرکی رۆژانەو لە چوارچێوەی پلانی ڕۆژانە بەفێرخوازانی دەدات.

**2- خوێندنەوە:**

هەموو ئەوکاتە دەگرێتەوە، کەپەیوەندی بەخوێندنەوەی بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەیە، بۆ نموونە وەک ڕەوانکردنی بابەتێکی پرۆگرامی خوێندنەوەی بەسوود یان ئەلف وبێ. بۆ قۆناغەکانی سەرەتای، لە هەمانکاتدا خوێندنەوەی سەرچاوەو رۆژنامەو گۆڤارو بابەتی زانستی و ئەدەبیەکانیش دەگرێتەوە، کە لە سەربابەتەکانی خوێندن و بەمەبەستی هاندان و بڕیاردان بەبواری رۆشنبیری فێرخواز مامۆستا بۆ خوێندنەوەی ئەم جۆرە بابەتەنە ڕایان دەسپێریت، کە کاریگەری باش دەکەنە سەرخواستی خوێندنەوە و لایەنی زانستی دوور کەوتنەوە لەبوون بە کۆیلەی پرۆگرامی خوێندن بەتەنها.

**3- ئەو ئەرکانەی کە جێبەجێکردنیان پێویستیان بەکات هەیە:**

وەک ئامادەکردنی ڕاپۆرت و بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار یان هەر چالاکیەکی دی لەم شێوەیە، کە بۆئامادەکردنی پێویستی بەکاتێکی زیاتر هەیە، کە هەندێکجار مامۆستا لەماوەی کۆرسێکدا فێرخوازانی قۆناغێک بەئامادەکرنی ڕاپۆرتێک ڕادەسپێرێت،یان ئامادەکردنی بڵاوکراوەیەکی سەردیوار لەسەر ناوەرۆکی پرۆگرامێکی خوێندنی دیاریکراو.

**4- ئەرکەکانی نوسینەکی:**

هەموو ئەو ئەرکانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بەئامادەکردنی نوسینەکیەوە هەیە،لەو ئەرکانەی کە ڕۆژانە مامۆستا بەفێرخوازانی دەدات، وەک ئامادەکردنی ڕاهێنانی بابەتێک دوای ڕاڤەکردن و خوێندنی لە خوێندنگە، یان ئەو پرسیارانەی لەسەر بابەتەکە مامۆستا بۆیان دیاری دەکات، بەمەبەستی پێداچونەوە دوبارە پراکتیزەکردنەوەی ئەو یاساو دەستورانەی کە فێری کردوون، یان لە کۆتایی هەربەش و بابەتێک چەند پرسیارێک وەک ئەرکی ماڵەوە پێیان دەدرێت، کە بێگومان هەموو ئەمانە کاریگەری ئەرێنیان لەسەر پرۆسەی فێربون هەیە.

**5- ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندنیان بەچالاکی فێرخوازەوەهەیە:**

هەرچەندەکۆی ئەو ئەرکانەی کەبۆ فێرخواز دیاری دەکرێتێ تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیان بەچالاکی و ناچالاکی فێرخوازیشەوە هەیە، بەڵام هەندێک ئەرک هەن لەسەر چالاکی فێرخواز وەستاون، وەک ئامادەکرنی چەند وێنەیەک لەسەرکارتێک یان فایلێک لەو وێنەو هێڵکاریانەی کەلە پرۆگرامی خوێندندا هەن یان هاوشێوەی ئەوانن، بۆ نموونە وەک ئامادەکردنی نەخشەیەکی عێراق بۆ بابەتی جوگرافیاو دیاریکردنی بیرە نەوتیەکانی کەرکوک،یان دروستکردنی وێنەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤ لەسەر فایلێک یان هەر ئەرکێکی دی لەم شێوەیە، یان هەندێ لەو شتانەی کە پەیوەندیان بەکاری دەستەیەوە هەیە. (رسول، ٢٠١٤ ل ١٩٠-١٩١).

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

- توێژینەوەی عەلی (٢٠٠٤)

دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن توێژینەوەی زۆری لەبارەوە کراوە، بەڵام لە عێراق و هەرێمی کوردستان توێژینەوە بە پێی پێویست نەکراوە. هەربۆیە لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو توێژینەوە هاوشێوەکان کە لێرە کراون.

توێژینەوەیەکی ئەنجامدا بە ناونیشانی هەڵوێست وتێڕوانینی و مامۆستایانی زمانی عەرەبی و خوێندکاران لە قۆناغی ئامادەیی بەرامبەر بەئەرکی ماڵەوە لە بابەتی ڕێزمانی عەرەبی

وكێشەکانیان. توێژینەوەکە لە بەغدا ئەنجامدراوە و ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لەزانینی هەڵوێستی (تێروانینی)مامۆستایانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی ئامادەیی بەرامبەر بە ئەرکیماڵەوە لە ڕێزمانی عەرەبی. هەروەها زانینی هەڵوێستی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بەرامبەر بە ئەرکەکانی ماڵەوە لە ڕێزمانی عەرەبی، دەرخستنی ئەوکێشانەی کە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە لە ڕێزمانی عەرەبیدا ڕووبەڕووی هەریەکە لە مامۆستاوخوێندکار دەبێتەوە. توێژەر لە توێژینەوەکیدا شێوازی توێژینەوەی وەسفی بەکارهێناوە.

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبووە لە خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی ئامادەیی، کە ژمارەیان (600) خوێندکاری نێر و مێ بوو، هەروەها مامۆستاکانیان کە ژمارەیان 200 مامۆستای نێر و مێ بوو ئامرازی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە دووڕاپرسی ، یەکێکیان بۆ مامۆستایان و ئەوی تریان بۆخوێندکاران بە کۆمەڵێک شێوازی ئاماری مامەڵەیان لەگەڵ داتاکان کردووە، لەوانەش ناوەندی شیاووکێشی سەدی.ئەنجامەکانی توێژینەوە دەریخست کە کەمی وانەکانی زمانی عەرەبی بەتایبەتی وانەی ڕێزمان عەرەبی، ئەمەش وا دەکات مامۆستا نەتوانێت بەدواداچوون بکات بۆئەرکی ماڵەوەی خوێندکاران. هەروەهازۆربەی خوێندکاران وەڵامی ئامادەکراو بەکاردەهێنن بۆئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

یەکێکیتر لە توێژینەوە هاوشێوەکانی بریتیە لە توێژینەوەی (عفاف، ٢٠١٣) بە ناونیشانی ئەنجام نەدانی ئەرکەکانی ماڵەوە لەلایەن خوێدنکارانەوە.ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دیاریکردنی هۆکارەکانی شکستی خوێندکارانە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە لە ڕوانگەی مامۆستایان و خوێندکارانەوە، بۆیە گرنگییەکەی لە گرنگی خودی ئەرکەکانی ماڵەوە یە وەک ئامرازێک بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ئەوەی کە خوێندکاران چی لە بابەتەکە وەک بەکارهێنانێکی پراکتیکی تێگەیشتووە. نموونەی توێژینەوەی مامۆستایان و خوێندکاران، وەک توێژەر هەڵبیژاردووە (35( مامۆستا و (120) خوێندکار لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی. ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە (20) بڕگەی دابەشکراو لەسەر دوو بوار مامۆستایان و خوێندکاران،توێژەر لە توێژینەوەکیدا شێوازی توێژینەوەی وەسفی بەکارهێناوە. ئامرازی ئاماری : وەک ناوەندی شیاووکێشی سەدی وهاوکۆلکەی پێرسۆن وئەلفا کرۆنباخی بەکارهێناوە. ئەنجامەکانی توێژینەوە دەریخست کە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەنجام نەدانی ئەرکەکانی ماڵەوە لەلایەن خوێندکارانەوە، زیادەڕەویکردنە لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکانی وەک مۆبایل و ئینتەرنێت، کەکاتێکی زۆری پێوە بەفیڕۆدەدەن، هەروەها بەدوادانەچوونی مامۆستا بۆئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە لەلایەن

خوێندکار. نەبوون یاخود کەمی توێژینەوەی هاوشێوە لە کۆنتێکستی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەرخەری گرنگی ئەم توێژینەوەیە.

توێژینەوەی (عبید و سلێمان، ٢٠١٩)

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی کێشەی ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت لەنێو خوێندکارانی ئامادەیی و گرنگی جیاوازییە ئامارییەکان بەپێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە: A- ڕەگەز (نێر - مێ) B- پسپۆڕی (زانستی - ئەدەبی). وە دەستنیشانکردنی ئاستی دواکەوتنی خوێندن لە نێوان خوێندکارانی ئامادەیی، و گرنگی جیاوازی ئاماری لە ئاستی کێشەی دواکەوتنی خوێندن لە نێوان خوێندکارانی ئامادەیی بەپێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە: A - ڕەگەز (نێر - مێ) B - پسپۆڕی (زانستی). - ئەدەبی). ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت و دواخستنی خوێندن لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی ناوەندیدا؟ لێکۆڵینەوەکانی ئێستا تەنها بۆ خوێندکارانی ئامادەیی لە هەردوو ڕەگەز لە پارێزگای ئەنبار، قەزای ڕەمادی، لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ئەنبار سنووردار بوو. توێژەران هەنگاوەکانی ڕێبازی وەسفکەر و پەیوەندیداریان گرتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەیان دانیشتوانی توێژینەوەکە لە (54,605) خوێندکاری نێر و مێ پێکهاتبوون، و نمونەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا، بەو پێیەی نمونەی توێژینەوەکە گەیشتە (120) نێر و خوێندکاری کچ. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پێوەرەکانی ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت (کیمبەرلی یونگ، ١٩٩٦) و پێوەرەکانی دواخستنی ئەکادیمی (عەباس، ٢٠١٧)یان گرتەبەر. دوو پێوەرەکە دوای پرۆسێسکردنی داتاکان بە شێوازی ئاماری گونجاو ئەنجامدران: ئاستی ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت زیاترە لە تێکڕای نێوان ئەندامانی نمونەکە. جیاوازی لە ئاستی ئالوودەبووندا هەیە لە بەرژەوەندی پیاوان. ئاستی دواخستنی خوێندن لە تێکڕای ئەندامانی نمونەکەدا بەرزترە. جیاوازی لە دواخستن لە بەرژەوەندی نێرەکاندا هەیە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژەر پرۆگرامی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە ،بەوپێیەی پرۆگرامێکە دەگونجێت بۆ سروشتی توێژینەوەکە ،لەم توێژینەوەیەدا توێژەران لەڕێگەی فۆرمێکی ڕاپرسییەوە کارەکانی ئەنجام داوە بۆبابەتی توێژینەوەکە.

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم قوتابخانە ئامادەییەکانی ناوەندی شاری کەلار کە پۆلی دەیەم ویانزەهەمی وێژەیی وزانستی دەگرێتەوە کە ژمارەیان (٦)قوتابخانەیە و ژمارەی خوێندکاران (١٥٠) خوێندکارە بۆساڵی خوێندنی **(2024-2025).**

**نمونەی توێژینەوەکە:**

نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە(6)قوتابخانەی ئامادەییەکانی ناوەندی شاری کەلار (هاوکاری - شەهید ئارام - حەمرین- مصطفی ڕەشید- باکور- گۆران)کە بۆ هەر قوتابخانەك (25)خوێندکار وەرگیراوە پۆلی دەیەم ویانزەهەمی وێژەیی وزانستی دەگرێتەوە کە ژمارەیان (150) خوێندکارە بۆساڵی خوێندنی (2024-2025).

**ئامرازی توێژینەوەکە**

هەر توێژینەوەیەك پێویستی بە ئامرازێك دەبێت بەمەبەستی وەرگرتن و دەسکەوتنی داتاو و زانیاریەکان ،توێژەران بە مەبەستی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکەیان وە بەشێك لە پێویستی دەستەبەرکردنی ئامانجی توێژینەوەکە ،دوای گەڕان وپشکنین بەناو سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوی نزیك لە بابەتی توێژینەوەکەیان،پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان ڕاپرسیەکی کراوەیان دروستکرد وبەشێوەی سەرەتایی دابەشیان کرد بەسەر (5) پرۆفیسۆری یاریدەدەر، مامۆستای پسپۆر و شارەزا لە پەروەردە و دەروناسی،دوای وەڵامدانەوەیان و شیکردنەوەی ڕاپرسیەکە بەسود وەرگرتن لە چەن توێژینەوەیەکی پێشتر،ڕاپرسیەکی داخراویان لێ دروستکرا کە لە(29)برگە پێکهاتووە.

**ڕاستیەتی ئامراز**

یەکێك لە گرنگترین مەرجەکانی ئامراز بریتیە لە ڕاستێتی بۆ ئەو بابەتەی کە دەپێورێت،چونکە ئامرازی ڕاستیەتی بریتیە لە تواناداری ئەو ئامرازە بۆ پێوانە کردنی ئەو بابەتەی کە لە پێناوید دانرا ،باشترین ڕێوشوێنی گونجاو بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان ئامرازی تێبینی کردنە،پیشاندانی ئامرازەکە بۆ کۆمەڵێك پسپۆر وشارەزا بۆ دادوەری کردن ودەرخستنی ڕادەی گونجاوی برگەکانی ،هەربۆیەش دوای ئەوەی ئامرازی توێژینەوە لەلایەن چەند مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیانەوە کە ژمارەیان(5)مامۆستایە کە پسپۆریان لە بوارەکانی (پەروەردەوڕیگاکانی وانەوتنەوە -دەروناسی – کۆمەڵناسی) بوو لە کۆتایدا پاش وەرگرتنی سەرنج وبۆچونی ئەو مامۆستایانە ،دوای گەڕانەوەی لە ئەنجامدا کۆی برگەکانی فۆرمی ڕاوەرگرتن کەژمارەی (29)برگە بوو هەمووی وەك خۆی پەسەند کرا، توێژەران پێنج بژاردەی ( زۆر هاوڕام-هاوڕام-

تـاڕادەیەک-هـاوڕانیم-زۆر هـاوڕا نـیم )ی وەك پێـوەر بەشێوەیەكی پلـە بەنـدی بـەكارهێنا، هـەروەها ڕێژەی ڕاستیەتی ئامراز لەم توێژینەوەیە ١٠٠% بەو پێیەی سـەرجەم پسپۆڕان هـاوڕابوون لەسـەر برگەكانی ڕاپرسیەكە.

| ژ | ناو | شوێنی کارکردن | پلەی زانستی | گونجاو | نەگونجاو | پێشنیارکراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د.كريم احمد عزيز | زانكۆی گەرمیان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 29 | 0 | 0 | 100% |
| ٢ | د.شێرزاد على احمد | زانكۆی گەرمیان | مامۆستا | 29 | 0 | 0 | 100% |
| ٣ | د. سەرحەد محمد سمن | زانكۆی گەرمیان | مامۆستا | 29 | 0 | 0 | 100% |
| ٤ | م. ابوبكر يوسف احمد | زانكۆی گەرمیان | مامۆستا | 29 | 0 | 0 | 100% |
| ٥ | م. ئاوات كريم مستەفا | زانكۆی چەرمو | مامۆستای یاریدەدەر | | | | |
| کـۆی گشتی | | | | 145 | 0 | 0 | 100% |

**جێبەجێکردنی ئامراز**

تـوێژەر دوای دڵنیـابوون لـە راسـتی ئـامرازی توێژینەوە،ئامرازەكـەی بەسـەر نمونـەی ئەسڵی توێژینەوەكەیدا جێبەجیكرد ،كە ژمارەیان (150) خوێندكار بوو بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**پرۆگرامی شیکردنـەوەی داتاکان:**

بـۆ شـیکردنەوەی زانیـاریە بەدەسـتهاتووەكان، تـوێژەران پرۆگـرام جەمـۆڤی ڤێرژنـی (٢٣) بەكارهێنرا كە یەكێكە لە نوێترین پرۆگرامەكانی شیكاری داتا ئاماریەكانە.

Jamovi statistical analysis software .

**ئەنجامەکان:**

بەمەبەستی دەرخستنی ڕاستی و دروسـتی ئـامرازی ڕاپرسیەكە پـاش كۆكردنەوەی داتاكـانی تـوێژینەوەكە كۆرەنبـاخ ئەلفـا بەكارهێنـا، وەكـوو لە خشـتەی ژمـارە (١) پیشـاندراوە، ئەنجـامەكەی بریتیبـوو لە (**٠,٧٨٥**) كە ئاماژەیە بـۆ ئاسـتێكی باشـی متمـانە بە پێوەری ڕاپرسیەكە. لە بەهاكـانی نێوان ٠ بۆ ١، تا نمرەی بەرزتر بەدەست بێت، پێوەرەكە زیـادتر متمـانە پێكراوە.ڕێژەی بەدەسـت هاتوو لەم ڕاپرسیە پێشنیاری ئەوە دەكات كە برگەكانی نـاو پێوەرەكە پەیوەندییەكی تەواویـان لەگەڵ یەكتردا هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە برگەكان بە شێوەیەكی كاریگەر هەمان ئامانجی بنەڕەتـی دەپێون.

**خشتەی (١)**

**Scale Reliability Statistics**

| | Cronbach's α |
|---|---|
| Scale | **0.785** |

بەمەستی دەستکەوتنی گرنگترین هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان، شیکاری وەسفی بەکارهێنرا وەکوو لەخشتەی ژمارە **(٢)** ئامادەکراوە. بە پشت بەستن بە ناوەندی شیاوی بڕگەکان، گرنگترین هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان بە بۆچونی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی پێک دێت لەمانەوە خاوارەوە:

یەکەم: بەرچاوترین و گرنگترین هۆکار کە زۆرینەی خوێندکاران هاوڕابوون لەسەری بریتی بوو لە زۆری ئەو ئەرکە زانستیانەی کە مامۆستایان بە خوێندکارانیان دەدەن، کە بەرزترین ناوەندی شیاوی نێو برگەکانە بە **(٣,٩٣).** بەشداربووان ئاماژەیان کردوە بەوەی کە زۆری ئەرکەکان خوێندن هۆکارێکە بۆ زیادبوونی فشار لای خوێندکاران و تەواو نەکردنی ئەرکەکان لە کاتی خۆیدا.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دووەم: گرانی ئەرکە زانستیەکانی ماڵەوە وەک هۆکارێکی دیکەی بەرچاو دەرکەوت کە کاریگەری لەسەر مەیلی دواخستن هەبوو لەنێو خوێندکاراندا. بەشداربووان هاوڕابوون کە گرانی ئەرکەکان هۆکارێکە بۆ نەبوونی توانا لە ئەنجامدانیان لە کاتی خۆیدا، بە مەش دووەم بەرزترین ناوەندی شیاوی برگەکان بوو بە **(٣,٧٧)**

سێیەم: نەبوونی کارامەیی لە بەڕێوەبەردنی کات یەکێکیتر بوو لە گرنگترین هۆکارەکانی دواخستن و ئەنجام نەدانی ئەرکە زانستیەکان لە نێو خوێندکاراندا کە ناوەندی شیاوییەکی بریتی بوو لە **(٣,٧٠).**

چوارەم: یەکێکیتر لە هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان بە بۆچوونی خوێندکاران دەگەڕێتەوە بۆ تەرخان نەکردنی نمرە بۆ ئەرکەکانی ماڵەوە لەلایەن مامۆستایانەوە، کە ناوەندی شیاویی ئەم برگەیە بریتی بوو لە **(٣,٥٥)**

پێنجەم: ڕەچاونەکردنی جیاوازیە تاکایەتیەکانی خوێندکاران لە کاتی پێدان و دارشتنی ئەرکی ماڵەوە یەکێکترە لە هۆکارە دیارەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان، کە ناوەندی شیاویی ئەم برگەیەش بریتی بوو لە **(٣,٥٤)**

**خشتەی ژمارە (٢)**

| Descriptive | | | |
|---|---|---|---|
| **N** | **Mean** | **SD** | |
| 150 | 3.93 | 1.14 | ١. زۆری ئەرکەکان هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانەدانیان |
| 150 | 3.77 | 1.35 | ٢. گرانی پرۆگرامەکانی خوێندن |
| 150 | 3.70 | 1.22 | ٣.خراپی لە بەڕێوەبردنی کات بەشدارە لە دواخستنی ئەرکەکانم |
| 150 | 3.55 | 1.38 | ٤. مامۆستا نمرە بۆ ئەرکی ماڵەوە دانانێ |
| 150 | 3.54 | 1.33 | ٥. ڕەچاونەکردنی جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان خوێندکاران |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

هەروەها توێژینەوەکە دەریخست کە دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی زانستی خوێندکاران بە جێ دەهێڵێت. وەکوو لە خشتەی ژمارە (٣) خراوەتەڕوو، **(٧٨%)** بەشداربووانی توێژینەوەکە پێیان وایە کە دواخستنی ئەرکە زانستیەکانی بە ڕێژەی جیاواز کاریگەری نەرێنی کردوەتەوە سەر ئاستی زانستیان.

**خشتەی ژمارە (٣)**

| Frequencies | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **Counts** | | **% of Total** | | **کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ئاستی زانستیم** | |
| 13 | | 8.667 % | | 8.667 % | زۆر هاوڕانیم |
| 19 | | 12.667 % | | 21.333 % | هاوڕانیم |
| 33 | | 22.000 % | | 43.333 % | تاڕادەیەک |
| 51 | | 34.000 % | | 77.333 % | هاوڕام |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 34 | | 22.667 % | | 100.000 % | زۆر هاوڕام |

هەروەهــا تــوێژینەوەکە تــوانی گرنگتــرین کاریگەریەکــان و لێکەوتەکــانی دواخســتنی ئەرکە زانستیەکان لەسەر خوێندکاران دەستنیشنان بکات. وەکوو لە خشتەی ژمارە (٤) رونکراوەتەوە، کـاریگەرتیرن لێکەوتەکـانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان، توشبوونی خوێندکارانە بە بە فشـار و دڵەراوکـێ **( ناوەنـدی شـیاوی= ٣,٦٤ )**. نەبـوونی توانـا بـۆ دۆزینـەوەی لێهـاتووییە تایبەتەکـانی خوێـدنکاران یەکێکیتــرە لە دەرئەنجــامە نەرێنیەکــانی دواخســتنی ئەرکە زانســتیەکان **( ناوەنــدی شیاوی= ٣,٣٥ )**. هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، دواخستنی ئەرکە زانستیەکان بوەتە هـۆی کەمکردنەوەی بـاوەڕبەخۆبوون لە نێـو خوێندکارانـدا **( ناوەنـدی شـیاوی= ٣,٠٢ ).** بەڵام بە بۆچـونی بەشـداربووان دواخسـتنی ئەرکە زانسـتیەکان کـاریگەرییەکی ئەوتـۆی نەخسـتوەتەوە سـەر پەیوەندیەکانیان لەگەڵ مامۆستایاندا **( ناوەندی شیاوی= ٢,٩ ).**

**خشتەی ژمارەی (٤)**

| N | Mean | SD | Descriptive |
|---|---|---|---|
| 150 | **3.64000** | 1.24932 | توشی فشارو دڵەڕاوکێی کردووم |
| 150 | 3.35333 | 1.34182 | ناتوانم توانا و لێهاتوییەکانی خۆم بدۆزمەوە |
| 150 | 3.02667 | 1.28464 | .وای کردووە باوەڕبەخۆبوونم لەلام کەم ببێتەوە |
| 150 | 2.92000 | 1.37338 | .کاریگەری نەرێنی کردووەتەسەر پەیوەندیەکانم لەگەڵ مامۆستاکانم |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

یەکێکیتــر لە ئامانجەکــانی تــوێژینەوەکە بریتیبــوو لە دەستنیشــانکردن و دۆزیــنەوەی ئەو ڕێگەچـارانەی کە خوێنـدکاران بەکـاری دەهێـنن بـۆ ڕووبەڕوو بـونەوەی مەیلەکـانی دواخسـتنی

ئەرکەکانی خوێندنیان. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە **(٨٦%)** ی خوێندکاران هەوڵیان داوە کە ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەم گرفتە بە ئاستی جیاواز.

**خشتەی ژمارە (٥)**

| Frequencies | | |
|---|---|---|
| Counts | % of Total | هەوڵمداوە ڕێگەچارەیەک بدۆزمەوە بۆ زاڵبوون بەسەر دواخستنی ئەرکەکانی خوێندنم |
| 11 | 7.333 % | زۆر هاوڕانیم |
| 9 | 6.000 % | هاوڕانیم |
| 28 | 18.667 % | تاڕادەیەک |
| 46 | 30.667 % | هاوڕام |
| 56 | 37.333 % | زۆر هاوڕام |

هەروەها توێژینەوەکە تیشکی خستە سەر ئەو ڕێگە چارەیانەی کە خوێندکاران بەکاریان هێناوەی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەیلی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن وەکوو لە خشتەی ژمارەی **(٦)** پێشاندراوە. ئەنجامەکان دەریانخست کە گرنگترین ڕێگەچارە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گرفتەکانی فێربوون بریتیە لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان لە ژینگەیەکی ئارام و گونجاوتر (ناوەندی شیاویی= ٤,٢٣). هەروەها یەکێکیتر لە ڕێگەچارە بەسودەکان کە زۆرینەی خوێندکاران هاوڕابوون لەگەڵی بریتیبوو لە دانانی ئامانج و دیاریکردنی کات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان. جێی ئاماژە پێکردنە کە زۆرێک لە خوێندکاران سود لە پرۆگرام و وێبسایتە فێرکاریەکان وەردەگرن بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی مەیلی دواخستنی ئەرکە زانستیەکانیان.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**خشتەی ژمارەی (٦)**

| Descriptives | | | |
|---|---|---|---|
| **N** | **Mean** | **SD** | |
| 150 | 3.50667 | 1.32476 | دوای هاوکاری و پاڵپشتی لە هاوپۆلەکانم و ئەندامانی خێزانم دەکەم |
| 150 | **4.23333** | 0.99944 | هەوڵدەدەم لە ژینگەیەکی ئارام و گونجاوتر ئەرکەکانم ئەنجام بدەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەوڵدەدەم ئامانج و کات دیاری بکەم بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانم | 1.01314 | | **3.98000** | | 150 | |
| هەوڵدەدەم ڕووبەڕووی فشارەکانی خوێندن ببمەوە لەڕێگەی وەرزشکردن | 1.37156 | | 2.89333 | | 150 | |
| بەرنامە سوودبەخشەکانی ئەنتەرنێت بەکاردەهێنم | 1.29698 | | **3.68000** | | 150 | |
| سود لەمامۆستای تایبەت وەردەگرم بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانم | 1.52451 | | 2.89333 | | 150 | |

بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی لە جیاوازی ئاماری لە نێو گۆڕاوەکانی توێیژینەوە، بۆ نمونە هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان، کاریگەریەکانی و هەروەها ڕێگەچارەکانی روبەرووبونەوەی لەگەل بەشی خوێندن (وێژەیی، زانستی) یاخود پۆلی خوێندن (١٠-،١١) و هەروەها رەگەزی بەشداربوان، وەن وەی ئەنۆڤا بەکارهێنرا، دەرەئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەریخست کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری لە نێو گۆڕاوەکان نیە جگە لە دوو هۆکاری دواخستنی ئەرکە ئەکادیمەکان و ڕەگەزی بەشداربووان. وەکوو لە خشتەی ژمارە ٧ و ٨ رونکراوەتەوە، جیاوازی ئاماری گرنگ دۆزرایەوە لە نێوان کوڕان و چانە سەبارەت بە هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان، بۆ نمونە کوڕان زیادتر پێیان وابوو کە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن بە شێویەکی نایاب و بێ کەموو کورتی هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی ئەنجامدانی ئەو ئەرکە (کوڕ، ناوەندی شیاویی= ٢,٧٦) بە براورد بە کچان (ناوەندی شیاویی= ٢,٠٢). هەروەها شیکارییە ئامارییەکان دەریخست کە جیاوازی ئاماری گرنگ هەیە لە نێو بەشداربوانی کوڕ و کچ سەبارەت بە برگەی نزمی ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری پەروەردەیی خێزان. بە جۆرێک کوڕان پێیان وابوو نزمی ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری پەروەردەیی خێزان هۆکارێکی کاریگەرترە بۆ دواخستنی ئەرکە زانستیەکان ( کوڕ، ناوەندی شیاویی=٢,٨٧) بە براوردە بە کچان ( ناوەندی شیاویی=٢,٠٨).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**(خشتەی ٧)**

One-Way ANOVA (Welch's)

| | F | df1 | df2 | p |
|---|---|---|---|---|
| هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن بە شێوەیەکی نایاب | 16.20459 | 1 | 136.07023 | < .001 |
| نزمی ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری پەروەردەیی خێزان | 12.17068 | 1 | 140.52385 | < .001 |

**(خشتەی ٨)**

Group Descriptives

| | ڕەگەز | N | Mean | SD | SE |
|---|---|---|---|---|---|
| هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن بە شێوەیەکی نایاب | کوڕ | 71 | 2.76056 | 1.21261 | 0.14391 |
| | کچ | 79 | 2.02532 | 0.99968 | 0.11247 |
| نزمی ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری پەروەردەیی خێزان | کوڕ | 71 | 2.87324 | 1.45337 | 0.17248 |
| | کچ | 79 | 2.08861 | 1.28292 | 0.14434 |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**شیکردنەوی ئەنجامەکان**

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە گرنگترین هۆکار بۆ دواخستنی ئەرکە زانستیەکانی خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ زۆری و گرانی ئەرکەکانی ماڵەوە کە مامۆستایان دەیدەن بە خوێندکاران، کە ئەمەش وادەکات لە خوێندکاران نەتوانن لە کاتی خۆیدا ئەرکەکان جێبەجێ بکەن. ئەم دۆزینەوەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (ستیل و کلینگسیک، ٢٠١٦) کە سەلماندیان گرانی و زۆری ئەرکەکانی ماڵەوە پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە بە زیادکردنی مەیلی دواخستنی ئەنجام نەدانی ئەو ئەرکە زانستیانە. یەکێکیتر لە هۆکارە بەرچاوەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان لە نێو خوێندکارانی ئامادەیی لە شاری کەلاردا بریتیب و لە خراپ بەڕێوەبردنی کات. ئەم دۆزینەوەی پاڵپشتی ئەنجامی توێژینەوەی (بالکیس و دورو، ٢٠١٧) دەکات کە خراپ بەڕێوەبردنی کاتیان وەکوو یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان دەستنیشان کرد.

هەروەها توێژینەوەکە دەریخست کە ڕەچاونەکردنی جیاوازی تاکایەتی لە نێو خوێندکاران و نمرە دانەنان بۆ ئەرکەکان دوو لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی زیادیکردنی مەیلی دواخستنن لە نێو خوێندکاراندا. ئەم دۆزینەوەش یەکدەرگێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی (نێبێردینگ و هێکلەر، ٢٠٢١) هەروەها (گوستاڤسۆن و مایکی، ٢٠١٧) بە هەمان شێوە لە توێژینەوەکانیاندا سەلماندیان کە ڕەچاونەکردنی جیاوازە تاکایەتیەکان و گرنگی نەدان بە دانانی نمرە بۆ ئەو چالاکیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە زیادکردنی مەیلی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان لە نێو خوێندکاراندا.

هەروەها ئەم توێژینەوە دەریخست کە دواخستنی زانستی کاریگەری نەرێنی و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر چالاکی زانستی خوێندکاران. بەجۆرێک ٧٨% خوێندکاران ئەزمونی کاریگەریەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان کردووە. دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی (گرۆشت، ٢٠١٨) و (بالکیس، ٢٠١٣) هەروەها ( کاراتاس، ٢٠١٥) کە پەیوەندیەکی بەهێزیان لەنێوان دواخستنی ئەرکە ئەکادیمیەکان و ئاستی زانستی خوێندکاران دۆزیەوە، بەجۆرێک کە دواخستنی ئەرکە زانستیەکانی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی زانستی و چالاکیەکانی ناو پۆلیان کردبوو.

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە زۆرینەی خوێندکاران هەوڵیانداوە کە ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان، بە جۆرێک ٨٦% خوێندکارانی بەشداربوو لەم توێژینەوە بە ئاستی جیاواز ڕێگە چارەی جیاوازیان بەکارهێناوە تاوەکوو لە ئاستی لێکەوتەکانی دواخستنی ئەرکە ئەکادیمی کەم بکەنەوە. گرنگترین و بەربەڵاوترین ڕێگە چارە کە خوێندکاران بەکارهێنابوو بریتیبو لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان لە ژینگەیەکی ئارامتر و گونجاوتر.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پاشان گرنگیان داوە بە دانانی ئامانج و تەرخانکردنی کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە زانستیەکانیان. هەروەها پرۆگرام و وێبسایتە فێرکاریەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە کەمکردنەوەی ئاستی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان. ئەم دۆزینەوانە هاوتەریبە لەگەڵ دۆزینەوەکانی توێژینەوەکانی پێشووی (سڤارتدال و هاوکارانی، ٢٠٢٠) کە دەریخست دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام و گونجاو کاریگەری زۆر ئەرێنی لەسەر چالاکی زانستی خوێندکاران بە جێدەهێڵێت و بە پێچەوانەوە لە نەبوونی ژینگەیەکی ئارامدا، مەیلی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان زیاددەکان. هەروەها (ئاریباش، ٢٠٢١) کە لەتوێژینەوەکەیدا پەیوەندیەکی بەهێزی لەنێوان دانانی ئامانج و بەڕێوەبەردنی کات لەگەڵ کەمکردنەوەی دواخستنی ئەرکە ئەکادیمیەکان دۆزیەوە. سەبارەت بە کاریگەری تەکنۆلجیاو وێبسایەتە فێرکاریەکان، توێژینەوەی ( ڕۆس و هاوکارانی، ٢٠١٠) پاڵپشتی دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوە دەکات، کە جەخت لە گرنگی بەکاهێنانی تەکنۆلجیای فێرکاری دەکاتەوە بۆ ئەنجمدانی ئەرکە زانستیەکان لەکاتی خۆیدا و بە شێوەیەکی باشتر.

**ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن یەکێکە لە گرفتە باوەکانی نێو خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، کە کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی و تەندروستی دەرونی خوێدنکاران هەیە. بە پشتبەستن بە ئەنجام و دەستەکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن، دیارە کە هۆکاری جۆراوجۆر بەشدارن بۆ ئەم دیاردەیە لەنێو خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی. وەک زۆری و سەختی ئەرکەکان، بەڕێوەبردنی کات، دانەنای نمرە بۆ ئەرکەکان و ڕەچاونەکردنی جیاوازی تاکەکەسی ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتاری دواخستن. هەر بۆیە لەم ڕەوانگەیەوە توێژەران پێشنیار دەکەن کە گرنگی زیادتر بدرێت بە چۆنیەتی و چەندایەتی ئەرکەکانی خوێندن کە دەدرێت بە خوێندکاران. هەروەها توێژەران پێشنیار دەکەن کە مامۆستایان زیادتر گرنگی بە فیدباک بە دواداچوون بکەن بۆ ئەو ئەرکە زانستیانەی کە دەدرێت بە خوێندکاران، چونکە لە نەبوونی فیدباک و نمرەدا خوێندکار تووشی لەدەستدانی پاڵنەر دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن و مەیلی داوخستن زیاددەبێت.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سنوردارە چونکە تەنها پشت دەبەستێت بە تێڕوانینی خوێندکاران، کە دەکرێت لایەنگریان هەبێت بۆ وەڵامی برگەکانی ڕاپرسیەکە. بۆئەوەی ئەنجامێکی گشگیر و تێڕوانینێکی قوڵترمان هەبێت سەبارەت بە هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکە زانستیەکان، لە

کۆتایدا تـوێژەران پێشـنیار دەکەن کە تـوێژینەوەی هاوشـێوە ئەنجـام بـدرێت سـەبارە بە هۆکارەکـانی دواخســتنی ئەرکەکــانی خوێنــدن، بە تــایبەتی لە بۆچــوونی مامۆســتایان و دایــک و باوکــانی خوێندکارانەوە.

**سەرچاوە کوردییەکان**


1.قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2014) : سایکۆلۆژیاو ڕێگاکانی وانەوتنەوە ،چاپخانەی پیرەمێرد ،سلێمانی ،،ل241

2.رەسـول، ابـراهیم رەسـول(2014) : دەروازەیـەك بـۆ وانەوتنــەوە ،چ1،چـاپ وپەخشــی نــارین ،هەولێر.

3.صابر، محمد (2014)، چالاكيي قوتابخانە ،كەلار، 2023، ل2

4.مـەحمود عبـدوالكريم باجـەڵان،(2014) ئـەركی ماڵــەوەو كاریگـەری لەپرۆسـەی فێربوونـدا ، گۆڤـاری زانسـتی سـتردەم، گۆڤـارێكی پـەروەردەیی زانسـتی وەرزییـە ،ژمـارە 12، سـاڵی سـێیەم ،هەولێر ،ل36


**مصادر باللغة العربية:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية


1..مؤسسة الرياض نجد للتربية والتعليم ،(2003)، الشامل في تدريب المعلمين، الرياض.

2.أعفاف حسن محمد شير،(2013) تقاعس الطلاب في أداء الواجبات البيتية، مجلة كلية التربية / واسط ، العدد الرابع عشر، الجامعة المستنصرية - كلية التربية

3.شـاذلي، عبدالحميـد محمـد،(2001) الواجبـات المدرسـية التوافـق النفسـي، المكتبـة الجامعيـة، الاسكندرية.

4.شـحاتة، حسـن، النجـار، زينـب،(2003) معجـم مصـطلحات التربويـة والنفسـية، دار المصـرية اللبنانية، القاهرة.

5.عبد الرحمن ، صفوت هشام حسن ، (2011)، اثر استخدام الواجبات المنزلية في تحصيل الطلاب للمرحلة الأساسية في محافظة طولكرم ، رسالة ماجستير ، جامعة النجاح نابلس ، فلسطين.

6.سالم حميد عبيد، علي داود سليمان،(2019) الادمان على مواقع التواصل الإجتماعي وعلاقته بالتسويف الأكاديمي لدى طلبة المرحلة الثانوية مجلة دراسات تربوية, المجلد 12, العدد 46, الصفحات 287-310

7.علي, كامران مجيد ،(2011) اتجاهات مدرسي اللغة العربية في المرحلة االعدادية وطلبتها نحو الواجبات البيتية ومشكالتها في مادة قواعد اللغة العربية جامعة بغداد /كلية التربية /ابن رشد .رسالة ماجستير،

8.المياحي ج. ع. ك & .,الركابي ص. ع. ا. ك. (2019). السلوك العدواني لدى طلبة المرحلة الاعدادية. لارك. 262-223 ,(2)5 ,

https://doi.org/10.31185/lark.Vol1.Iss12.832

9.هند عبد الرزاقو (2003)محاضرات التعليم الاساسي والاعدادية،الجامعة المستنصرية ،كلية التربية الاساسية ،قسم الرياضيات، ل.١١

10.وزارة التربية(1981): نظام المدارس الثانوية رقم (2) لسنة (1977), والمعدل برقم (7)، بغداد،العراق.

Sources in English:

1.Arıbaş, A. N. (2021). The relationship of time management and academic procrastination: A case of university students. Selçuk Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, (46), 214-224.

2.Balkis, M. (2013). Academic procrastination, academic life satisfaction and academic achievement: the mediation role of rational beliefs about studying. Journal of Cognitive & Behavioral Psychotherapies, 13(1).

3.Balkis, M., & Duru, E. (2017). Gender differences in the relationship between academic procrastination, satifaction with academic life and academic performance.

4.Goroshit, M. (2018). Academic procrastination and academic performance: An initial basis for intervention. Journal of prevention & intervention in the community, 46(2), 131-142.

5.Gustavson, D. E., & Miyake, A. (2017). Academic procrastination and goal accomplishment: A combined experimental and individual differences investigation. Learning and individual differences, 54, 160-172.

6.Karatas, H. (2015). Correlation among academic procrastination, personality traits, and academic achievement. Anthropologist, 20(1), 2.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

7.Nieberding, M., & Heckler, A. F. (2021). Patterns in assignment submission times: Procrastination, gender, grades, and grade components. Physical review physics education research, 17(1), 013106.

8.Ross, S. M., Morrison, G. R., & Lowther, D. L. (2010). Educational technology research past and present: Balancing rigor and relevance to impact school learning. Contemporary educational technology, 1(1), 17-35.

9.Steel, P., & Klingsieck, K. B. (2016). Academic procrastination: Psychological antecedents revisited. Australian Psychologist, 51(1), 36-46.

10.Svartdal, F., Dahl, T. I., Gamst-Klaussen, T., Koppenborg, M., & Klingsieck, K. B. (2020). How study environments foster academic procrastination: Overview and recommendations. Frontiers in Psychology, 11, 540910.

11.The jamovi project (2022). jamovi. (Version 2.3) [Computer Software]. Retrieved from https://www.jamovi.org.

## پاشکۆ

### فۆرمی ڕاپرسی

خوێندکارانی بەڕێز...

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ئێمەی توێژەران توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن لە دیدی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییەوە لە ناوەندی شاری کەلار) ئەنجامدەدەین، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەرکەکانی خوێندن، کە بریتیین لەخۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە و چالاکییەکی پۆل و ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوە، داواکارین لە بەڕێزتان بە سەرنجێکی زانستی و بابەتییانە ئەم فۆرمی ڕاپرسییەی خوارەوە پڕبکەنەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی زانستی و تێگەیشتنێکی بنەڕەتی بۆ هۆکارەکانی دواخستنی ئەرکەکانی خوێندن لەنێو خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، لەگەڵ ڕێزدا...

<u>تێبینی : نیشانەی ڕاست      لەناو خانەی وەڵامەکانت دابنێ.</u>

- پۆل: ..........................................................

بەش: (وێژەیی) ☐      (ی ☐

- بواری هۆکارەکان:

| زۆرهاوڕانیم | هاوڕانیم | تاڕادەیەک | هاوڕام | زۆر هاوڕام | بڕگەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | نەبوونی پاڵنەر، بەشدارە لە دواخستنی ئەرکەکانی خوێندنم. | ١ |
| | | | | | ترس لە سەرنەکەوتن، هۆکارە بۆ دواخستنی ئەرکە ز √ کانم. | ٢ |
| | | | | | هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن بە شێوەیەکی نایاب و بێ کەموکورتی، هۆکارێکە بۆ دواکەوتنم. | ٣ |
| | | | | | خراپی لە بەڕێوەبردنی کات، بەشدارە لە دواخستنی ئەرکەکانی خوێندنم. | ٤ |
| | | | | | سەرقاڵبوون بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی ئەرکەکانم. | ٥ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | سەرقاڵبوون بە ئەنجامدانی يارييە ئەليكترۆنييەكان، هۆكارێكە بۆ دواكەوتنی ئەركەكانم. | | | | | |
| ٧ | زۆری ئەركەكان، هۆكارێكە بۆ ئەنجامنەدانيان لەكاتی خۆيدا. | | | | | |
| ٨ | نەبوونی حەز و ئارەزو بۆ بابەتەكە، بەشداره لە دواخستنی ئەركە زانستييەكانم. | | | | | |
| ٩ | نەبوونی پاڵپشتی و سەرچاوەی پێويست بۆ ئەنجامدانی ئەركەكانم. | | | | | |
| ١٠ | دەستڕا نەگەيشتن بە ئامراز و كەرەستەی يارمەتيدەر، كێشەيەكە بۆ ئەنجامنەدانی ئەركی ماڵەوەم. | | | | | |
| ١١ | نەبوونی هاندان، هۆكارە لە دواخستنی ئەركەكانی ماڵەوەم. | | | | | |
| ١٢ | ڕەچاونەكردنی مامۆستا بۆ جياوازی تاكەكەسی لەنێوان خوێندكاران لەكاتی ئامادەكردنی ئەركەكانی ماڵەوە، كاريگەری نەرێنی لەسەر خوێندكار هەيە. | | | | | |
| ١٣ | نزمی ئاستی پەروەردەيی و ڕۆشنبيری خێزان، دەبێتەهۆی ساردبوونەم لە ئەنجامدانی ئەركەكانی ماڵەوە. | | | | | |
| ١٤ | دانەنانی نمرە بۆ ئەركەكانی ماڵەوە لەلايەن مامۆستاوە، ئەو هەستەم لەلا دروستدەكات، كە ئەركی ماڵەوە گرنگ نييە. | | | | | |
| ١٥ | تێنەگەيشتنی خوێندكار لە بابەتە كە ، بەهۆی باش ڕوونەكردنەوەی لەلايەن مامۆستاوە، هۆكارێكە بۆ دواخستنی ئەركەكان.. | | | | | |
| ١٦ | گرانی پرۆگرامەكانی خوێندن، هۆكارێكە بۆجێبەجێنەكردنی ئەركەكانم. | | | | | |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

- بواری كاريگەرييەكان:

| ژ | برگەكان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەيەك | هاوڕانيم | زۆر هاوڕانيم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دواخستنی ئەركەكانی خوێندنم، كاريگەری نەبووە لەسەر ئاستی زانستييم. | | | | | |
| ٢ | دواخستنی ئەركەكانی خوێندنم، كاريگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ئاستی زانستييم. | | | | | |
| ٣ | دواخستنی ئەركەكانی خوێندنم، فشارودڵەڕاوكێی زۆری بۆ دروستكردووم. | | | | | |
| ٤ | كاريگەرييەكانی دواخستنی ئەركەكانی خوێندنم، باوەڕبەخۆبوونی لەلام كەمكردووەتەوە.. | | | | | |
| ٥ | دواخستنی ئەركەكانی خوێندنم، كاريگەری نەرێنی كردووەتەسەر پەيوەنديەكانم لەگەڵ مامۆستاكانم. | | | | | |
| ٦ | دواخستنی ئەركەكانی خوێندنم، وەهای لێكردووم، كە تواناو لێهاتووييەكانی خۆم بەئاسانی بۆ دەرنەكەوێت و پێی ئاشنانەبم. | | | | | |

- بواری ڕێگەچارەكان:

| ژ | برگەكان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەيەك | هاوڕانيم | زۆر هاوڕانيم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەوڵمداوە ڕێگەچارەيەك بدۆزمەوە بۆ زاڵبوون بەسەر دواخستنی | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەرکە زانستییەکانم. | | | | | |
| ٢ | داوای هاوکاری و پاڵپشتی لە هاوپۆلەکانم و ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم. | | | | | |
| ٣ | هەوڵدەدەم لە ژینگەیەکی ئارام و گونجاوتر ئەرکەکانم ئەنجامبدەم. | | | | | |
| ٤ | هەنگاوی دانانی ئامانج و کاتی دیاریکراو دەگرمەبەر بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانم. | | | | | |
| ٥ | هەوڵدەدەم لەڕێگەی وەرزشکردن و ڕاهێنانی تایبەتەوە ڕووبەڕووی فشارەکانی خوێندن ببمەوە | | | | | |
| ٦ | کار بۆ ئەوە دەکەم، کە بەرنامە سوودبەخشەکانی ئەنتەرنێت بەکاربهێنم بۆئەوەی بتوانم ئەرکەکانم بەئاسانی وخێرایی ئەنجامبدەم. | | | | | |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية